

## مۆحسێن باوەجانی ئەندامی کوردیناسیۆنی یەکێتی دیموکراتی کوردستان:

# نابێ کۆمەڵگەی ئێستای کورد لە خوەرهەڵاتی کوردستان گرێیدەن بە بارودۆخێك کە سەردەمانێك شەڕی چەکداریان تێدا کردووە

سازدانی دیمانە : گۆڤاری حەمرین

**حەمرین:** رەوشی هەنوکەیی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنیت و ئەو پیلانگێڕیانەی کە درێژەیان هەیە بۆ سەر گەلەکەمان لەپارچە جیا جیاکانی کوردستان لایەنە کوردیەکان چۆن دەتوانن یەك هەڵوێست بن لەوەی کە بتوانن سەرجەم پیلانگێریەکان پوچەڵبکەنەوە، دوای ئەو پیلانگێڕیانەش لەباشوری رۆژئاوای کوردستان بینیمان کە حکومەتی سوریا لەنەورۆزی ئەمساڵدا چ جۆرە توندوتیژیەکی دژ بەگەلی کورد لەو بەشەی کوردستان کرد لەباکوری کوردستانیش دەبینین توندوتیژیەکان بۆ سەر گەلی کورد زیاتر دەبن؟

**مۆحسێن باوەجانی:** سەرەتا سلاو و رێزم هەیە بۆ ئێوەی خۆشەویست و خوێنەرانی ئازیزی و هیوادارم هەمیشە لەش ساغ و تەندروست بن. لە راستیدا بۆ ئەوەی بمانەوێ رەوشی ئێستەکانەی کوردستان (وەك چوار پارچە) هەڵسەنگێنین ناکرێ لە یەك روانگەوە شتەکان لێك بدەینەوە و کوردستان وەك یەکەیەکی جوگرافیایی ـ سیاسی ببینین و ئەو جار خوێندەوەی لەسەر بکەین. راستە دوژمنانی کورد و ئەو دەسەڵاتانەی بەسەر جوگرافیاو نەتەوەی کورددا زاڵن، زۆر جار بەرامبەر کورد و داخوازییە رەواکانی کورد, یەك هەڵوێستیان بووە و لەسەری کۆك بوونە، بەڵام سیاسەتی ئەوان و چۆناوچۆنی بەکردەوەیی کردنیان بەرامبەر کورد لەهەر پارچەیەکدا جیاوازی هەبووە و ئەمەش وا دەکات ئێمە نەتەنیا بارودۆخی هەر پارچەیەکی کوردستان جیاواز لەوی تر هەڵسەنگێنین، بەڵکو ئەو وێنایەشمان لە دروست دەکات کە واقیعبینانەتر دەگەڵ بابەتەکەدا مامڵەبکەین، چوونکو نەتەوەی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان ئەو جۆرە لە خەبات و موبارزەی هەڵبژاردوە کە زەخت، بەربەست و کێشەکانیشی لەلایەن دەسەڵاتی زاڵ, هەر ئەوەندەیە و هەر ئەو کێشەگەلەش ناچاری کردون تا پەنا ببەنە ئەو جۆری خەباتە. بۆ نموونە ئێمە ناکرێ چۆنێتی هەڵسوکەوتی حوکوومەتی ئیسلامی ئێران بەرامبەر کورد لە خوەرهەڵاتی کوردستان دەگەڵ هەڵسوکەوتی رژێمی بەعس بەرامبەر کورد لە باشووری کوردستان هاوجۆر و یەك شێوە بزانین و بەگشتی قیاسکردنی هەموو پارچەکانی کوردستان بەو شێوەیە. با ئەوەش بڵێم لە راستییدا چارەنووس و چارەسەریی پرسی کورد لە هەر یەك لەو پارچەگەلەدا جیاوازە و قەت قەت یەکجۆر نین و یەك رێگەش نابڕن. ئێستاش ئەگەر بمەوێ بارودۆخی هەنووکەیی هەر یەك لەو پارچانەی کوردستان تاوتوێ بکەم، لەوانەیە زۆر بخایەنێت و لە تاقی ئەم دیمانەیەدا نەبێ, بۆیەش کورت و جەوهەری بیروبۆچوونم لەسەر هەر یەك لەوانە دەردەبڕم.

کورد لە خوەرهەڵاتی کوردستان مێژوویەکی دوورودرێژی خەباتی هەیە و خاوەن کۆمار بووە و وەك رەوتێکی ناسیۆنالیستی و پێناسەکراو، پێش لە پارچەکانی تری کوردستان دەستی داوەتە خەبات دژ بە دەسەڵاتی ناوەند، ئەگەر لە چەندوچوونی ئەو ساڵانە لێگەڕێین، دەبێ بڵێم کە کورد بارودۆخیشی لە کاتی دەسەڵاتی "حەمەرەزاشا"شدا وەك ئۆپۆزیسیۆن و بەرهەڵستکار بووە. و لە پاڵ رەوت و جەریاناتی سیاسی دیکەدا لە ئێران وەك حیزبی تودە، جبهەی میللی و جەریاناتی ئیسلامی و زۆر رەوتی دیکە لە ئێران خەباتی هەبووە بۆ لەسەرکارلابردن و لانیکەم ریفۆرمیزەکردنی سیستمی پاشایەتی لە ئێراندا. بۆیەش کاتێك شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی 57 ی هەتاوی دژ بە سیستمی پاشایەتی سەرکەوت، بێگومان وەك سەرکەوتنی کورد لە خوەرهەڵاتی کوردستانیش پێناسە دەکرێت، ئەگەرچی بەواقیع رۆڵی کورد زۆر بەرچاویش نەبووە, هەنگاوی یەکەم کە خەباتی جەریاناتی نارازی بوو دژبە حوکوومەتی حەمەڕەزا شا و دواتر دەوڵەتی شاپۆڕی بەختیار سەرکەوت. ئەمما کورد لە خوەرهەڵاتی کوردستان کە ئەودەم لە چوارچێوەی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەدا پێناسەدەکرا لە هەنگاوی دووهەمدا سەرکەوتوو نەبوو, ئەم هەنگاوە پەیوەندی راستەوخۆی بە توانایی و هێزی سیاسی و سەربازی ئەوانەوە هەبووە. هەنگاوی دووهەم بەشداربوون لە حوکوومەتی کاتی و پێداگربوون بوو لەسەر خواستە راستەقینەکانی کورد و راگرتنی هاوسەنگی دەسەڵات و دووری نەگرتن لە ناوەند و شارەزایی و زیرەکی سیاسییەکانی کورد بووە. ئەمما بەداخەوە کۆمەڵە و دیموکرات کە نوێنەرایەتی کوردیان دەکرد لە جوگرافیای کوردستان وەدەرنران و شەڕی سەربازیی دژی رژێمی تازە لە ئێران دەستی پێکرد و دواتر لە ساڵەکانی شەست و سێی هەتاویش شەڕی ناوخۆیی هاتەئاراوە و ئەم دەرفەتە زێڕینەی لە ناوبرد و کورد کە وەك لایەنێکی بەشدار لە شۆڕشدا حوزووری هەبوو، دیسانەوە کەوتە رۆڵی ئۆپۆزیسیۆنەوە، بەڵام ئەمجارەیان لە بەرامبەر حوکوومەتی کاتیی ئێراندا.

> **پەرەدان بەخەباتی چەکدارانە لە کوردستان هەنگاوێکە بۆ دواوە, چوونکو ئەو جۆری خەباتە تەجرەبە کراوە و لە بەرامبەر حوکوومەتی ئیسلامی ئێراندا وەڵامدەر نەبووە. وە لەیەك دێردا خەباتی چەکداری لەم قۆناغەدا ئاماژە بەوەیە کە نایەوێ دۆزی کورد چارەسەر بکرێت.**
>
> **لە بیرنەکەین کە کولتوورێك لە ئێمەی کورددا زۆر بەرجستەیە, ئەویش دابڕانە نەك پێکەوە بوون. بۆیەش لە دەرکەوتنی هەر کێشەیەکدا ئاسانترین رێگە هەڵدەبژێرین واتە دوورکەوتنەوە لە یەکتر و ئەمەش لە رووی دەروونییەوە هۆیەکی ئینشیعابەکانە**

بەهەرحاڵ بە پێی شەڕێك کە لە نێوان ئێراق و ئێراندا هاتە ئاراوە، ئۆپۆزیسیۆنی کورد لەو کاتەشرا بە پێی بارودۆخ بەردەوام بوو لەسەر شەڕی چەکدارانەی خوەی و لە دوای ئاگربڕی نێوان ئێراق و ئێران و سەقامگیربوونی باشووری کوردستان لە ساڵی 91 ی زایینی وردە وردە کۆمەڵە و دیموکراتیش ئیزۆلە بوون و بەحەقیقەت بارودۆخ وای کرد تا چیتر شەڕی چەکداری بەشێوەی پێشتر وەلانێن، بەڵام چەکدار بمێننەوە.

مەبەست لەوەی کە ئەم مێژووە دەگێرمەوە ئەوەیە کە بەراستی جۆری هەڵسوکەوتی دەسەڵاتەکەتان بۆ روون بکەمەوە و چۆنێتی خەبات و هەڵسوکەوتی کوردیش بەهەمان شێوە. تا بەوە بگەین کە ئۆپۆزیسیۆن چ رێگەیەکی بۆ شیاوە تا خەباتی خوەی لەوێوە کاناڵیزە بکات. خوەرهەڵاتی کوردستان بە هەر چوار پارێزگاکەیەوە بە زۆری ناوچەیەکی بێبەش بووە و بەهۆی سنوری بوونیەوە کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە. لەسەردەمی پاشایەتی هەروا بووە و لەسەردەمی حوکوومەتی ئیسلامی ئێرانیشدا بەهەمان شێوە، پێشڕەوت و پەرەسەندنی ئەوێش بە زۆری ئۆتۆماتیکی بووە، واتە بەو شێوەیەی کە دەبوو پێی ڕابگەن, پێی رانەگەیشتوون و خەڵکی ئاسایی و جەبری سەردەم تێکنۆلۆژی و پێشکەوتنەکانی دەگەڵ خوەی هێناوە و لە راستیدا قەت قەت دەگەڵ پارێزگاکانی ناوەندی ئێران بەراورد ناکرێت. کوردی ئاخاوتن ئازادە بەڵام کوردی نووسین و خوێندن بەفەرمی نییە, ئەمە لە حاڵێکدا لە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا ئەو مافە بە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێرانی دراوە. سەرباری ئەوە رۆژنامەگەلێك لە خوەرهەڵاتی کوردستان دەردەچێت کە بە دوو زمانی فارسی و کوردی بڵاودەبنەوە یا باشتر وایە بڵێم بڵاودەبوونەوە. چالاکیی مەدەنی و سیاسی لە چوارچێوەی یاساکانی حوکوومەتی ئیسلامیدا ئازادە و زۆربەی ناوچەکان لە رووی ئەندامانی پێکهێنەری پێکهاتەی دام و دەزگاکانی حوکوومی, کەسانی خۆماڵین، پارێزگان کەناڵی تەلەفزیۆنی تایبەت بە خوەیان هەیە کە ئەوانیش کێشەی تایبەتیی و ئاڵۆزیان هەیە لە رووی ئەوەی کە تەمسیلی کولتووری کوردی ناکەن و ...تاد و دەگەڵ ئەوەشدا کە ئەمانە هەیە، بەڵام خودی ئەمانەش کێشەی زۆری تێدایە. لەسەر ئەوەش دووچاوەکی ئایینی و نەتەوەیی لە یاسای بنەڕەتیدا زۆر بەرجستەیە. بەکورتی دەمەوێ بڵێم ئەمانە ئەو کێشەگەلە نین کە کورد و ئۆپۆزیسیۆنی کوردی بیهەوێ بە زەبری چەك چارەسەریان بکات, بەڵکو دەبێ بەستەر خۆش بکات بۆ چالاکانی کورد لە خوەرهەڵاتی کوردستان تا بێ ترس و بێ هەبوونی دەستاوێز ئیش بکەن بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە. دەگەڵ ئەوەدا کە کورد لە خوەرهەڵاتی کوردستان لە رووی زانست، بەکارهێنانی تێکنۆلۆژی و تێگەیشتن لە دیموکراسی و پەرەدان بەو قەت قەت بەنیسبەت چەند ساڵ پێش ئێستا و تەنانەت دەگەڵ بەشێك لە وڵاتانی دەوروبەریش بەراورد ناکرێت بەڵکو قۆناغەکەش گۆڕاوە. لە سەرەتای بەدی هاتنی شۆڕشی گەلانی ئێران زۆر رەوا و بەحەق بوو کە حیزبە کوردییەکان کە لە دەسەڵات وەلانرابوون بۆ بەدەست هێنانی مافی خوەیان و مافی کورد وەك نەتەوەیەك لە نەتەوەکانی ئێران, خەباتی چەکدارانە بکەن و زۆر زۆر گونجاو بوو، چوونکو حوکوومەتی ئیسلامی ئێران وەك ئەوەی کە ئێستا هەیە خوەی کۆنەکردبوووەوە و سیستمێکی رێك وپێك و رێکخراوەیی نەبوو. هەروەها ئێران لە قەیرانێکدا بوو کە کورد دەیتوانی بەشەڕی چەکداری بگات بەوەی کە دەیەویست. بەڵام لەو کاتەوە تا ئێستا سێ جیلی نوێ هاتوون کە تایبەت ئەم جیلەی دوایی، مەگەر لە تەلەفزیۆن و فیلمەکاندا شەڕی چەکداری بینی بێ و خەباتی چەکدارانەی ئۆپۆزیسیۆنی دژ بە حوکوومەتی ئیسلامی ئێران بیستبێ، ئەگینا بەڕاستی زۆر زۆر نامۆن بەوەی کە ئێستاش هەندێك حیزب باسی لێوەدەکەن. لە راستیدا ئێستا ئۆپۆزیسیۆن و تایبەت ئەو حیزبانەی کە مێژوویەکی دوور ودرێژیان هەیە نابێ کۆمەڵگەی ئێستای کورد لە خوەرهەڵاتی کوردستان گرێیدەن بە بارودۆخێك کە سەردەمانێك شەڕی چەکداریان تێدا کردووە، چوونکو بەراستی قەت قەت شتی وا نە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە دروستە و نە لە رووی دەروونییەوە پۆزێتیڤە. هەر سەردەمێك پێویستی بە شتێك هەیە و لە راستیدا قۆناغەکە گۆڕاوە. قۆناغی ئێستا پەرەدانە بە چالاکی مەدەنی و ئاشتیخوازانە لە لایەن خەڵکەوە و لە لایەکی تریشەوە پشتیوانی کردنی ئۆپۆزیسیۆنە لەو هەوڵانەی ئەوان نەك خراپ کردنی. من پێم وایە تا ئۆپۆزیسیۆن دروشمی "توندوتیژ" بەرزکاتەوە و "چەك" وشەی زەقی گوفتمانی بێت, نەتەنیا فشار بۆ سەر چالاکڤانان زۆرتر دەبێت بەڵکو ئەو فەزایەش کە ئێستا رێگەی هەندێك جم وجووڵی تێدا هەیە بەتەواوەتی ئەمنییەتی دەکرێ و دەبەسرێت، بۆیە تەنیا ئەوە دەڵێم کە بەراستی قۆناغەکە گۆڕاوە و قۆناغی ئێستا زۆر جیاوازە بە نیسبەت سی ساڵ بەری ئێستا. ئایندەی کورد و مافە زەوتکراوەکانی کورد لەدەست ئیرادە و خواستی ئەو خەڵکەیە کە ئێستا لە خوەرهەڵاتی کوردستانن.

لەسەر باشووری کوردستانیش دەبێ بڵێم, لە دوای کێشمەکێشێکی زۆری سەربازی و سیاسی دەگەڵ دەسەڵاتی بەعس، و ئەو هەموو نەهامەتی و کۆمەڵکوژییەی لە لایەن ئەو رژێمەوە تووشی بوو، هەنووکەی زۆر پرشینگدارە و داهاتووشی زۆر رووناك و گەش پێش بینی دەکەم و لەوە ناچێ چیتر مێژوو بەسەر ئەواندا دووبارە ببێتەوە، ئەگەرچی ئەوەش لەبیرنەکەین لە دونیای سیاسەتدا رۆژبەرۆژ گۆڕانکاری هەیە و بۆیەش رەنگە سبەی پێشبینی نەکرێت.

بۆ باشووری کوردستان ئایندەیەکی گەش پێشبینی دەکەم چوونکو بارودۆخ و هەلومەرجی ناوخۆیی و دەرەکییەکەی وایکردوە کە وەك قورسایی و هێزێك هەم لە ئێراق و هەمیش لە ناوچەکە بناسرێت. پەیوەندی دیپلۆماتیك و ئابووری ئەوان لە گەڵ دەراوسێکان و وڵاتانی ئوروپایی و تایبەت ئامریکا وای کردووە تا لە رووی ئەمنیەتییەوە, تارادەیەك گەرەنتی کرابێت.

زۆرینەی وڵاتانی دەراوسێ و بەشێك لە وڵاتانی ئوروپایی کونسولگەریان لە هەولێر وەك پێتەختی باشووری کوردستان هەیە و ئەمەش شایەتەحاڵە بۆ ئەوەی کە دیارە حسێبێك بۆ هێزی کورد لە ئێراقدا دەکرێت.

دام ودەزگای راگەیاندنی جۆراوجۆر و بەرفرە لەم پارچەیەی کوردستان هەیە کە بەرنامەکانیان بە زمانە زیندوەکانی جیهان بڵاودەبنەوە و بڵاودەکرێنەوە,لانی کەم نزیك بە 10 کاناڵی تەلفزیۆنی پرۆفیشناڵ بە شێوەی فەزایی خەریکی ئیش کردنن کە نەك کورد بەڵکو نەتەوەکانی تریش چاوی لێ دەکەن. هەر ئەمە وادەکات کورد لەم پارچەیەی کوردستان پێگەیەکی لە ئاست جیهاندا بۆخوەی هەبێت و لە رووی کولتوورییەوە وەك نەتەوەیەك و لە رووی سیاسییەوە وەك ئامانج و مەبەستەکانی بە دونیا بناسرێت, ئەمانە هەمووی هۆکارن تا چیتر کورد لەم پارچەیەکی کوردستاندا بە سانایی نەکەوێتەبەر پلانی سەربازیی (وەك ئەوی کە تا ئێستا لەسەری کراوە) و دوژمنکارانەی نەیارانی و ناچاریان بکات لە رێگەی دانوستانی سیاسی و ئەمنی و ئابووری هەڵسوکەوتی دەگەڵدا بکەن و من پێم وایە ئەو مەترسییانەی لە دەرەوەی سنوری ئێراقەوەن نەتەنیا لە فۆرم و شێوە وەك رابردوو نەماون, بەڵکو کارتێکەریشان وەك جاران نییە, ئەمما گرنگ ئەوەیە کە مەترسی هەمیشە هەیە و ئێمە دەبێ وریا بین. بۆ نموونە یەکێك لەو وڵاتانەی کە کوردی وەك هێزێك لە ئێراق و ناوچەدا قەبووڵ نەدەکرد, وڵاتی تورکیا بوو کە زۆریش مەترسی بۆ سەر ئەم هەرێمە دروست کرد, بەڵام گوشاری وڵاتانی رۆژئاوایی و زیرەکیی کورد، هاوکێشەکەی گۆڕی و گەیاندیە ئەم ساتەوەختە کە تورکیاش ناچاربوو قەبووڵی بکات و بە فەرمی سەردانیان بکات و بەفەرمیش بانگهێشتی ئانکارایان بکات. ئەمە نموونەی مەترسیگەلێکن لە رووی دەرەکییەوە رووبەڕووی باشووری کوردستان دەبێتەوە, ئەمما لە ئاست ناوخۆی ئێراقیشدا مەترسی بۆ کورد هەبووە و هەیە، کورد و عەرەبی سوننە، کورد و عەرەبی شیعە و کورد و هەمووی ئێراق. ئەمانە هەمووی بەردەوام ململانێ و کێشە و گرژییە بۆ کورد و بۆیەش وەك دەبینین کورد لە باشووری کوردستان بە پێ ی توانا رووبەڕوویان دەبێتەوە. بۆ باشووری کوردستان ئەوە دەڵێم کە تاکە پارچەی کوردستانە کە تا ئەم قۆناغە هاتووە و دەتوانێ بەستەرێکی باشیش بێت بۆ پەرەدان بە زۆر خواستی نەتەوەیی کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا ناکرێت بە سانایی دەربڕێت و کاری بۆ بکرێت.

وەك لە سەرتاشەوە باسم کرد بە راستی زەخت و زۆرییەکانی دەسەڵاتەکان بۆ سەر کورد لە پارچەیەك بۆ پارچەیەکی دیکە زۆری فەرقە. دەتوانم بڵێم بەڕاستی ئەو زەخت و زەوتی مافە لە باکوور و باشووری خوەرئاوای کوردستان هەبووە و هەیە زۆرتر بووە بە نیسبەت پارچەکانی تر...

درێژە لە لاپەڕەی 4